سیاسەتمەدارێکی کوردی ئێزدیی جۆرجیا توانی بە جاری سێیەم ببێتە ئەندام پەرلەمانی جۆرجیا

ڕۆژی شەممە 26ی تشرینی یەکەمی 2024، هەڵبژاردنی پەرلەمانی جۆرجیا بەڕێوەچوو، بەگوێرەی ئەنجامە سەرەتاییەکان کە ناوەندی هەڵبژاردنەکانی جۆرجیا ڕایگەیاندووە، جارێکی دیکە "پارتی هیوا" متمانەی زۆرینەی دەنگدەرانی بەدەست هێنا و زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی مسۆگەر کردووە.

یەکێک لە دەرچووەکان، ئیسکە داسنی سیاسەتمەدارێکی کوردی ئێزدیی جۆرجیا، کە بە جاری یەکەم لە 8ـی ئۆکتۆبەری 2016 لەسەر لیستی پارتی هیوا، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و بە یەکەمجار بچێتە پەرلەمان.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 31ـی تشرینی یەکەمی 2020 بە جاری دووەم متمانەی دەنگدەرانی بەدەست هێنا یەو.

هەروەها لە ڕۆژی 26ـی تشرینی یەکەمی 2024، بە جاری سێیەم سەرکەوتنی بەدەست هێناو ڕیکەردێکی نوێی تۆمار کرد و بووە ئەندامی پەرلەمان، ئیسکە داسنی لە 30ـی ئاداری 1958 لە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا لەدایک بووە.